گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/shr12496
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 30/01/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 17/03/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/08/2025

# نامۆیی لە ڕۆمانی "کەشتیی فریشتەکان"ی "بەختیار عەلی"دا

**ئاشتی حسین عارف[١] - دیار مەردان محەمەد[٢]**
diar.mardan@charmouniversity.org - ashti.hussein@charmouniversity.org
[١+٢]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرمو، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

لەم توێژینەوەیەدا کە بە ناونیشانی (نامۆیی لە ڕۆمانی "کەشتیی فریشتەکان"ی "بەختیار عەلی"دا)یە، هەوڵمانداوە لە ڕێگەی نمونەی وەرگیراو لە نێو ڕۆمانەکە، وێنای نامۆبونی مرۆیی بکەین، وەک دەرکەوتەیەک لە ژیاندا، بەوەی هەمو مرۆڤێک بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و ژینگەکەی توشی نامۆیی دەبێت، مرۆڤ لە ژیاندا هەندێجار وەک بونێکی نارەسەن دەردەکەوێت و دواجار بە خۆی و ژینگەکەی نامۆ دەبێت. نامۆیی دۆخێکە، کە مرۆڤ هەست بە کێماسی و بێتوانایی لە گۆڕینی بارودۆخی ژیانی خۆیدا دەکات؛ بەواتایەکی تر مرۆڤ لە تۆڕی پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ ئەوانی تر هەست بە دڕدۆنگی و دودڵی دەکات؛ ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەری خودی و دەرەکییەوە هەستی پێدەکات، لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکە هەوڵدەدات لەبارەی نامۆیی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە بدوێ، چونکە ڕۆماننوس لە ڕێی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەوە ئاوڕی لە گرفتی نامۆیی داوەتەوە لای تاکی کورد، کە بەهۆی ئەو کاریگەرییەی شۆڕشە چەکدارییەکانی ڕابردو کورد لەسەر تاکی کوردیان بەجێهێشتوە، لە ئەنجامدا توشی نامۆیی بوە. توێژینەوەکە لە ژێر ڕۆشنایی میتۆدی (پەسنی شیکاری) ئەنجامدراوە.

توێژینەوەکە لە دو بەش پێکدێت؛ بەشی یەکەم لە دو تەوەر پێکدێت، لە تەوەریی یەکەمدا چەمک و زاراوەی نامۆیی خراوەتەڕو، لە تەوەریی دوەمیشدا باسی جۆرەکانی نامۆیی کراوە. بەشی دوەمیش لە دو تەوەر پێکدێت: لە تەوەریی یەکەمدا کورتەیەک لەبارەی ڕۆمانەکەوە خراوەتەڕو؛ لە تەوەریی دوەمدا هەوڵمانداوە نامۆیی لای کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانی"کەشتیی فریشتەکان" دواجار بەدیار بخەین.

کلیلە وشەکان: نامۆیی، نامۆیی کۆمەڵایەتی، ڕۆمان، نامۆیی بون.

# Alienation in Bachtyar Ali's Novel (The Angel's Ship)

Ashti Hussein Arif[1] - Diar Mardan Mhamad[2]

[1+2]Department of Kurdish Language, College of Education, Charmo University, Chamchamal, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

In this study which is entitled 'Alienation in Bachtyar Ali's Novel (The Angel's Ship), we have tried to illustrate human alienation through examples in the novel, as a phenomenon in life, everyone will face Alienation depending on the level of their education and environment. Sometimes, human beings in their life will appear as a bastard in their environment and become strangers in themselves. Alienation is a condition in which humans feel wretched and incapable of changing their life conditions. In other words, humans feel sad and doubt in their relationship with others. This is what they feel by some internal and external factors. From this perspective, the study attempts to talk about the Alienation of the characters in the novel, From the perspective of the characters in the novel, the novelist has looked at the problem of alienation among the Kurdish individual because of the impact that the past armed revolutions have left on the Kurdish individual. The research was conducted under the method of 'Analytical Praise.'

The study consists of two parts, the first one includes two sections. In the first section, the terms and the definitions of Alienation are explained. In the second section, the types of Alienation are illustrated. Also, the second part consists of two sections, the first section shows the summary of the novel. The last section sheds light on the Alienation of the characters in the novel.

**Keywords**: Estrangement, The Strangeness of Social, Novel, Estrangement of Existence.

## پێشەکی:

نامۆیی دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە، لە کۆمەڵگەی ئەمرۆدا ڕووبەڕوی هەندێک تاک دەبێتەوە، ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی ئەوەوە سەرهەڵدەدات، کە تاک ناتوانێت درک بە بونی خۆی بکات و ناسنامەی خۆی لێوندەبێت و بێ ئیرادە دەبێت، بەمەش ناتوانێت خاوەن بڕیاربێت، بۆیە نامۆیی حاڵەتێکی دەرونی – کۆمەڵایەتییە، کە بەشێوەیەکی تەواو زاڵ دەبێت بەسەر تاکداو دوچاری پەشێوی و گۆشەگیر و تەنیایی دەکات، دوریدەخاتەوە هەم لە خودی خۆی هەم لە ژینگە و دەوروبەرەکەی. بەواتایەکی دیکە نامۆیی واتە دابڕانی تاک لە سروشت و گەوهەری ڕاستەقینەی خۆی بە دورکەوتنەوە لە خود، نامۆیی جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکان ناکات، دەشێ لای هەر کەسێک و لە هەر قۆناغێکی تەمەن و سەردەمێکی

ژیاندا هەبێت، بەڵام بە ئاست و ڕێژەی جیاواز. لەم ڕوانگەیەوە هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەرەڕایی هۆکارەگشتییەکان لای مرۆڤ، جەنگ و شۆڕشەکانی کورد هۆکارێکی گرنگن بۆ نامۆبونی تاکی کورد هەم بە خۆی و هەم بە ژینگەکەی، ئەم نامۆبونەش لە هەمو ئاست و تەمەنە جیاوازەکان بەدەردەکەوێت.

### ئامانجی توێژینەوە:

خستنەڕوی دیاردەی نامۆبیە لای کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانی "کەشتیی فریشتەکان"، بەو پێیەی ئەم ڕۆمانە دەربڕین لە دۆخی مرۆڤ بە گشتی و تاکی کورد بە تایبەت دەکات، لە پاش شۆڕش و ڕەنگدانەوەی شۆڕش لە سەر تاکی کورد.

### گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە دەریدەخات تا چەندە شۆش و ڕاپەڕینە چەکدارییەکانی ڕابردو کاریان لەسەر بەدیهێنانی نامۆیی لای تاکی کورد کردوە، ئەم نامۆییەش ڕەنگدانەوەی لە هەمو بوارەکانی "سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەرونی، بون و خود...هتد" هەیە، بوە بەهۆی لەدەستدانی خود و مانای هەمو شتەکان.

### میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی میتۆدی پەسنی شیکاری کراوە بە پشت بەستن بە میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری، لەبەشی تیۆریی میتۆدی پەسنی و لە بەشی پراکتیکی میتۆدی شیکاری بەکارهاتوە، بۆ دیاریکردن و شیکردنەوەی دیاردەی نامۆیی لای کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە.

### پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە دو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم لە دو تەوەر پێکدێت، لە تەوەریی یەکەمدا چەمک و زاراوەی نامۆیی خراوەتەڕو، لە تەوەریی دوەمدا باس جۆرەکانی نامۆیی کراوە. بەشی دوەم لە دو تەوەر پێکدێت: لە تەوەریی یەکەمدا کورتەیەک لەبارەی ڕۆمانەکەوە خراوەتەڕو، لە تەوەریی دوەمدا هەوڵمانداوە نامۆیی لای کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانی"کەشتی فریشتەکان" بەدیار بخەین.

## بەشی یەکەم: زاراوەی نامۆیی و جۆرەکانی

### تەوەری یەکەم: زاراوە و پێناسەی نامۆیی:

لە زمانی عەرەبی (الاغتراب)ی بۆ بەکاردێت لەزمانی (alienation)نامۆیی وەک زاراوەیەک لە "زمانی ئینگلیزی کوردیشدا نامۆیی پێچەوانەی دەستەمۆییە"(قادر،٢٠١٠،١٨)، کەواتە لە زمانی کوردیدا نامۆیی واتە یاخیبون لە پێوەرە باوەکانی نێو کۆمەڵگە، دوای جەنگە جیهانییەکان، چەمکی نامۆیی گرنگییەکی زۆری پێدرا، لەزۆر بواری ئەدەبی و هونەری و فەلسەفی و دەرونیدا کاری لەسەر کرا. هەرچەندە چەمکی نامۆبون تا ساڵانێکی زۆر نەبوە چەمکێکی سەرەکی لای هیچ کام لە بیرمەندەکانی سەدەی نۆزدە، بەڵام زۆربەیان بە گرنگییەوە لەسەری وەستاون. "دواتر هۆرکهایمەر زاراوەی "ئانۆمی"بەکارهێنا بە مانای ناتەریب و شاز، تا دەستنیشانی کۆمەڵێک دیاردە بکات، کە بەهۆیانەوە ئەو نۆرم و یاسایانەی یەکگرتویی کۆمەڵایەتیی مەیسەر دەکەن. دواتر چەندین بیریاری وەک هایدیگەر و هێربەرت مارکۆز و ئێریک فرۆم و ڕێچکەی نامارکسیی جان پۆڵ سارتەر تێزی جۆراوجۆریان لەبارەی نامۆبون و بێگانەییەوە هێنایە بەر ڕۆشنایی گفتوگۆکانەوە. لە نامۆبونی مرۆڤەوە بەرامبەر مەکینەکانی بەرهەمهێنان، نامۆبونی کرێکار بەرامبەر بەرهەمی کار، نامۆبونی تاک لەناو شیرازەی لێکترازاوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامۆبونی مرۆڤ لەبەرامبەر ئایین و خودا و سروشت و تەکنەلۆژیا و... لەبەرامبەر خودی خۆیدا"(حەمە ڕشید، کلتور مەگەزین،٢٠٢٣).

کۆنترین بە کارهێنانی وشەی نامۆیی "دەگەڕێتەوە بۆ لاهوتی پرۆتستانتی، بە مانای دابڕان و جیابونەوەی مرۆڤ لە خودا بە هۆکاری کەوتنە ناو هەڵەوە دێت، ئەم تێگەیشتنە لە ئاینی مەسیحیدا لە ئاستێکی بەرزدا برەوی پێدرا، لە ئاینی ئیسلامیش نامۆبونی ئادەم ودەرکردنی لە بەهەشت، بەڵام دەتوانین ڕەگ و ڕیشەی نامۆیی بگەڕێنینەوە بۆ تێبینییەکانی فەیلەسوفە کۆنەکانی یۆنان، بەتایبەت لە کتێبی کۆماری ئەفلاتوندا، کە پێیوابو بونی ڕاستەقینەی مرۆڤ، بونیەتی لە جیهانێکی نمونەیی و ڕەهادا، نەک بونیەتێکی ساختە لەسەر زەوی، هەر بۆیە ئەو جۆرە بونیەتەی بە جۆرێک لە جیابونەوە لە نێوان مرۆڤ و بونییە ڕاستەقینەکەی ئەژمارکردوە"، (میراودەلی، ٤، ٢٠٢٢). نامۆیی لەم سەردەمە ئاڵۆزەدا چەندین پێناسەی بۆ دەکرێت، چونکە بوە بەدیاردەیەکی زاڵی مرۆڤایەتی، "ڕەگ و ڕیشەی بۆ نێو زۆربەی زۆری ڕەهەندەکانی ژیان شۆڕبوەتەوە، بۆیە سەرەڕایی ئەوەی بە ناوەڕۆک و ڕوخسار وەک دۆخێکی دەرونی دەردەکەوێت، هاوکات کێشەیەکی مۆدێرنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابورییە، هۆکاری دیاریکراوی خۆی هەیە و ئەنجامی دیاریکراویشی لێدەکەوێتەوە"،(ڕۆستەم،٢٠١٦،١٣٤).

نامۆیی ونکردنی ناسنامەی خودە بەرامبەر بە بابەت، یان هاوکات پێکەوەژیانی دو ناسنامەیی جیاوازە لە یەک ڕوبەر بێ ئەوەی ئەم جیاوازییە یاسایەکی دیالێکتیکی بە خۆوە بگرێ، هەردوکیشیان لەلایەن لایەنە ناکۆکیەکانی جەمسەری هێزەکانی بابەتەوە فرێدەدرێتە ناو خود"، (قادر، ٢٠١٠،١٩). ئەمەش وا دەکات بڵێین زۆرجار نامۆیی دورکەوتنەوەی تاکە لە خودی خۆی، هەندێجاریش نامۆیی پچڕانی تاکە لە کۆمەڵگە بەگشتی و ڕەتکردنەوەی هەمو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان.

نامۆیی "بریتییە لە تەریکیو خۆبەدورگرتنی کەسێك یا برینداربونی هەستیەتی. یان ڕوتبونەوەی مرۆڤە لە جەوهەری مرۆڤانەی خۆی. یاخود بریتییە لە حاڵەتێکی سایکۆ – کۆمەڵایەتی کە بەشێوەیەکی تەواو زاڵدەبێت بەسەر تاکدا و نامۆیی دەکات و دوری دەخاتەوە لە هەندێ لایەنی واقیعە کۆمەڵایەتییەکەی، یان بریتییە لەو بارە دەرونییە سەختەی، کە مرۆڤی تێدەکەوێت و نامۆ دەبێت، هەستکردنە بە لەدەستدانی توانا و واتا و پێوەر لە ئەنجامدا دەگاتە ئەوەی کە هەست بە تەنیایی بکاتو لە خودی خۆیشی نامۆ بێت"، (سەعدون،٢٠١٣،٢٤٤)، کەواتە نامۆیی دەرهاویشتەی حاڵەتە نەرێنییەکانی نێو کۆمەڵگەیە، کە تاک ناتوانێت لەگەڵیدا هەڵبکات، بۆیە دەچێتە نێو جیهانێکی تایبەت بەخۆیەوە، زۆر جار ئەمەش لە ئەنجامی بەدینەهاتنی زۆری خەون و ئارەزوەکانی تاکە لە نێو کۆمەڵگەیە.

نامۆیی "خەفەکردن و کپکردنی شارەزییەکانی تاکە، کەوا دەکات لە بونە ڕاستەقینەکەی خۆی نامۆ بێت، ئەم نامۆییەش زیاددەکات بەزیادبونی خەفەکردنەکە ولە ڕێگەیەشەوە وادەکات دەرونی کەسەکە باوەڕ بەوە بکات کە کەسێکی ترە" (نقشبندی، ٢٠٠٤،٣١). کەواتە نامۆیی دیاردەیەکە لای هەمو مرۆڤێک بونی هەیە، بەڵام لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، بەهۆی جیاوازی پیشە و ئاستی ڕۆشنبیریی و فشاری دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئابوری لەسەر تاک ڕێژەکەی جیاوازە، ئەمەش دەبێتە هۆی نەگونجان و دورکەوتنەوەی تاک لە ژینگە.

## ڕەهەندەکانی نامۆیی:

بێگومان نامۆیی وەک چەمکێکی دەرونی کۆمەڵایەتی خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی و ڕەهەندە، لە زانستە مرۆییەکاندا ڕەهەند واتای جۆرێکە لە دیاریکردنی گۆشە و لایەن و مەدلول و واتا جیاوازەکانی شتێک. لەناو دەقی ئەدەبی و بەتایبەتییش ڕۆماندا، کاتێک دەڵێین ڕەهەندەکانی نامۆیی واتە پێکهاتە و لایەنەکانی نامۆیی، کە ئەمانەن:

١-دورەپەرێزیی کۆمەڵایەتی: واتە نەگونجانی تاکە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی، کە تێیدا دەژێت، بێگومان دروستبونی ئەم حاڵەتەش هەروا لەخۆڕا نییە، بەڵکو لە ئەنجامی ئەوەیە، کە پێشتر کۆمەڵگە لەگەڵ تاکدا نەگونجاوە، بۆیە تاک ئامانجی کۆمەڵایەتی لە دەستدا، بەواتەیەکی دیکە"مەبەست لێی هەستکردنی تاکە بە تەنیایی و بۆشایی دەرونی و لەدەستدانی

ئاسایش و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پتەوەکان، دورکەوتنەوە لە دەوروبەر، هەروەها ئەم جۆرە لە نامۆیی لەدەستدانی کۆمەڵایەتی و ئامانجە ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵدا یە"، (میراودەلی،٢٠٢٢،٥).

٢-لەدەستدانی مانا: لێرەدا تاک واهەست دەکات ژیانی مرۆڤ هیچ بەها و ئامانجێکی لە پشتەوە نییە، مرۆڤ لە بونی خۆیدا ئەو بۆشاییە دەپێوێت کە دەکەوێتە نێوان ژیان و مردنەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین مرۆڤ توشی نامۆیی هزری دەبێت، چونکە "تاکی نامۆ ژیان بەجۆرێک دەبینێت کە هیچ مانایەکی نییە، وەک ڕێرەوێکی لوژیکی ناعقڵانیی دەڕوات، هەست دەکات ژیان گێژاوێکی بێ فایدەیە، لەبەرئەوە واقیعیەتی خۆی لە دەست دەدات و دور لەهەست و بە کەمتەرخەمی و گرنگی پێنەدان لە بۆ شاییدا دەژێت"، (عید،٢٠٠٥،٢٥٠).

٣-بێ پێوەری: کاتێک تاک هەست بە بێدەسەڵاتی دەکات لەوەی بتوانێت کاربکاتە سەر ئەو بیروباوەڕ و هەڵوێستە کۆمەڵایەتیانەی کە لەگەڵیدا کاردەکات، ئامانجی تاکو کۆمەڵ جیادەبنەوە، واتە تاک گەر بیەوێت ئامانجەکانی بەدیبهێنێت، نابێت کار بە پێوەرە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگە بکات، بەواتەیەکی دی"مەبەست لێی پچڕانی پەیوەندیی نێوان خود و بابەتە، بە جۆرێک ئامانج و مەبەستی تاک لە ئامانج و مەبەستی کۆمەڵگە جیادەبێتەوە، (میراودەلی،٢٠٢٢،٥).

٤-لەدەستدانی کۆنترۆڵ: لێرەدا ناڕاییبونی تاک لە نەریتە باوەکانی نێو کۆمەڵگە دروستدەبێت، چونکە کۆمەڵگە لەبری ئەوەی هۆکاربێت بۆ دروستبونی ململانێ لە نێوان تاکەکاندا لە پێناوی داهێنان، دەنگی تاک کپدەکات، واتە تاک بەو شێوەیە بژی کە کۆمەڵگە دەیەوێت نەک بەوجۆرەی خۆی دەیەوێت، بەواتەیەکی دی ئەم ڕەهەندە"ئاماژە بۆ هەستی تاک دەکات بەوەی ناتوانێت کاریگەریی لەسەر ئەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییانە هەبێت، کە کارلێکی لەگەڵ دەکات، کەسە نامۆکە ناتوانێت چارەنوسی دیاربخات، یان کاریگەریی لە ڕوداوە گەورەکان هەبێت، بەمەش بێزاردەبێت لە خودی خۆی"، (قادر،٢٠١١،٥٠) هەربۆیە تاک هەوڵدەدات یاخی بێت بە دورکەوتنەوەی لە واقیع و هەوڵدانێتی بۆ دەرچون لە هەمو شتە باو و دیارەکان، نەچونە ژێرباری بەها و پێوەرە باڵاکان، ڕەتکردنەوەی بەها و پێوەرەکان.

### تەوەری دوەم: جۆرەکانی نامۆیی:

لە ئەنجامی ئاڵۆزی ژیان و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا و زیادبونی خواستی بۆ پێداویستییەکان، هەوڵی مرۆڤ بۆ دەستخستنی مادە و پشگوێخستنی بەها مەعنەوییەکان، وایکرد چەمکی نامۆییش ببێت بە چەمکێکی ئاڵۆز و مانای زۆر هەڵبگرێت، بۆیە بوار و جۆرەکانی نامۆیی زیاتربون، ئەگەرچی نامۆیی زۆر جۆری هەیە، بەڵام ئەوەی کە زۆربەی شارەزایانی ئەم بوارە کۆکن لەسەری ئەمانەن:

**"نامۆیی خودی**

**نامۆیی کۆمەڵایەتی**

**نامۆیی ئاینی**

**نامۆیی سیاسی**

**نامۆیی ڕۆشنبیریی"، (العروقی،٢٠١٥،٢٢) .**

**نامۆیی خودی:**

ئەو دۆخەیە، کە مرۆڤ تێیدەکەوێت لە ئەنجامی هۆشیاری تاکەوە بەرانبەر ئەو ململانێیەی، کە لەگەڵ خودی خۆیدا لەلایەكو لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ ئەو ژینگەیەی، کە تیایدا دەژی دروست دەبێت، بەشێوەیەك تاك هەست بە لەدەستدانی پەیوەندی دەکات لەگەڵ خودی خۆیدا لە ئاکامی نیگەرانیو نەبونی دڵنیاییەوە، "لەم دۆخەدا مرۆڤ

پەیوەندی لەگەڵ بونی ڕاستەقینەی خۆی لەدەستدەدات، بە پێی حاڵەت و ڕۆژگار هەر جارەی دەمامکێک دەپۆشێت و ناتوانێت خودی خۆی بێت، مەگەر لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراو نەبێت"، (قادر،٢٠٠٧،٧٢)، واتە لەم جۆرە لە نامۆیی مرۆڤ کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدەدات، هەرجارە بەجۆرێک خۆی دەنوێنێت، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە دەگۆڕێت، چونکە مرۆڤ کە توشی نامۆیی خودی دەبێت لە خود و ناسنامە خۆی دەکەوێتە گومان و دو دڵییەوە، لەوانەیە بەچاوی سوک سەیری خۆی بکات و بڕوای بە خۆی نەمێنێت، هەست بەکەمی بکات و بڕوا و متمانەی بە توانست و بیروباوەڕەکانی نەمێنێ و سەربەستی خۆی لەدەست بدات. فرۆید پێیوایە "نامۆبون ئاکامی جیابونەوەی ئاگاییە (الشعور) لە نەست (لاشعور) و ئەوکاتەش کەسەکە لەژێر کاریگەری ئارەزوە خەفەکراوەکانیدا ڕەفتار دەکات"، (سعدون،٢٠١٣،٢٤٢)، بەڵام ئەریکسۆن وای دەبینێ نامۆیی "هەستکردنە بە جێگیرنەبونی ناسنامە، کە زیاتر لای گەنجان قەیرانی ناسنامە ڕەنگی داوەتەوە، پێیوایە ئەگەر تاك سەرکەوتو نەبو لە تێگەیشتن لە دەرونی خۆی، هەروەها ناڵاندی بەهۆی دیارنەبونی ناسنامەی لەکاتی ئێستاو نەتوانین بۆ دۆزینەوەی لە ئایندەدا، بەم شێوەیە ئەو تاکە دەچێتە خانەی ئەوکەسانەی، کە پێیان دەوترێت خاوەن ناسنامە پەرش‌و بڵاوەکان، هەر ئەوانەشن بەدەست قەیرانی نامۆییەوە دەناڵێنن"، (قادر،٢٠٠٧،٤٩)، کەواتە ئەوکەسانەی کە کێشەیان هەیە لەگەڵ خودی خۆیانداو ناتوانن سەرکەوتوبن لە یەکلاکردنەوەی دەرونی خۆیان، ئەوا ئەم جۆرە کەسانە ناسنامەکەی خۆیان لێ ون دەبێ‌و توشی حاڵەتی نامۆیی دەبن. یان نامۆبون لە خود ئەو حاڵەتەیە، کە مرۆڤی نامۆ تیایدا "هەست بە ڕەشبینی دەکات، داواو خواست‌و ئامانجەکانی بە ڕەشی دەبینێ، هەمو مەسەلە دەرونییەکانی ناخی دەگاتە بنبەست و چارەسەری بۆ نادۆزرێتەوە، مرۆڤ دادەبڕێت لە خۆی‌و هیچ پەیڕەو و بڕوایەکی هاوبەش لەنێوان خۆی‌و خەڵکانی دەوروبەری‌و خەڵکانی نێو کۆمەڵگاکەیدا نابینێتەوە"، (محەمەد، ٢٠٢١،١٢).

## نامۆیی کۆمەڵایەتی:

ئەم جۆرە لە نامۆیی نەگونجانی تاکە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا دەژێت، ئەم جۆرە لە نامۆیی واتە نەبونی ئامانجی کۆمەڵایەتی لای تاک، بەشێوەیەک کە نەتوانێت ڕەفتار بیروباوەڕەکانی ئاراستەبکات. بە واتەیەکی دیکە "ئەگەر تاك لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی تیایدا دەژی هەستی بە پچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کردو حەزو ئارەزو و ئاوات‌و ڕاو بۆچونەکانی (کە جیهانی ناوەوەی تاك پێکدەهێنێ) دژ بە ئاوات و ڕا و نەریتی کۆمەڵەکەی بو (کە جیهانی دەرەوەی تاك پێکدەهێنێ)، نەتوانرا لێك نزیك بکرێنەوە و بەردەوام مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵ‌و دامەزراوەکانیدا لە ململانێدا بوە ئا لەم کاتەشدا مرۆڤ هەست بە نامۆیی کۆمەڵایەتی دەکات‌و خۆی بە تاکێکی ئەو کۆمەڵە نازانێت"، (قەرەچەتانی،٢٠١٠،١٨٩). بەتایبەت ئەگەر تاک هەست و ڕوانین‌و بیرکردنەوەی جیاوازبو لە هەر کەسێکی تر زیاتر هەست بە نامۆبون دەکات، هەربۆیە ئەو هەستەی لا دروست دەبێ کە بە چاوێکی جیاوازەوە لە دەوروبەرو کۆمەڵەکەی بڕوانێت، هەندێجار ئەمەش بە هۆی بەرپەرچدانەوەی دیاردەی هەڵەو داب‌و نەریتی نادروست‌و دور لە ڕاستی‌و خستنەڕوی لایەنە نەگەتیڤەکانی کۆمەڵگە، لەهەمان کاتیشدا نارەزایی خۆی پیشاندەدات لەبەرامبەر هەندێ داب‌ونەریتی کۆمەڵایەتی، لەم حاڵەتەشدا "گیانی داهێنان و دروستکردن دەکوژێت و ململانێی تاکەکان لە پێناو گۆڕانکاریی و پێشکەوتندا کز دەبێت، هاندان و ورە بەرزکردنەوە بۆ تاک نامێنێت، واتە تاک ناتوانێت بەو شێوەیە بژیت کە خۆی دەیەوێت، بەڵکو دەبێت وا بژێت کە کۆمەڵگە دەیخوازێت".(قادر،٢٠١٠،٣٢).

## نامۆیی ئاینی:

ئەم جۆرە لە نامۆیی لەلایەن زانایانەوە ڕای جیاواز و دژ بەیەکش لەبارەیەوە هەیە، بەلای (فیورباخ)ەوە هۆکاری یەکەم و کاریگەر لە پرۆسەی نامۆکردنی مرۆڤدا ئاینە، "لەبەرئەوەی ئاینەکان لەلایەك موژدەو هیوا دەبەخشن و لەلایەکی تریشەوە ترس‌و تۆقاندن. بۆیە ئاینەکان ڕۆڵی نامۆکردنی مرۆڤ دەبینن. بۆیە مرۆڤ دوربێ لە ئاین یاخود نزیك بێ هەر توشی نامۆبون دەبێت. مرۆڤ بەهۆی ئاین و لەژێر کاریگەری گوتاری ئاییندا بە ژیانی خۆی نامۆ دەبێت لە ڕێگەی بیرکردنەوە و سزا و پاداشتی پاشەڕۆژ لەلایەن پەروەردگارەوە.. هەندێکیش پێیانوایە، کە دورکەوتنەوە لە ئاین‌و خودا گرنگترین فاکتەرێکە مرۆڤ توشی نامۆیی دەکات"،(قادر،٢٠٠٧،٢٩)، کەواتە بیر و باوەڕی ئاینی جا هەر ئاینێک بێت ڕۆڵی هەیە لە دروستبونی هەستی نامۆیی لای تاک، چونکە هەندێجار ئەوەی مرۆڤ دەیەوێت بیکات ناتوانێت بیکات، بەڵام ئەوەی نایەوێت دەبێت لە ژێر ڕکێفی ئایندا بێت، کەواتە ئاین جۆرە کەسێتییەکت لێ دەخوازێت هەندێجار دەبێتەهۆی نامۆیی، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کەسی ديندار ئەوەیە، کە پەیوەستە بە چارەنوسەوە، بەو واتایەی، کەسی دیندار پێیوایە، ئەوەی ڕویداوە و ئەوەی لە داهاتوشدا ڕودەدات، خودا لە چارەی نوسیوە، ئەمەش پێچەوانەی بونێکی ڕەسەنە چونکە، "مرۆڤ ئەگەر ڕەسەنێتی خۆی لە دەستبدات، هەمو ژیانی خۆی بە چارەنوسەوە وابەستەدەکات، ئەمەش نکۆڵی کردنە لە ئازادی و بەرپرسیارێتی و هەڵنەبژاردن و بڕیارنەدان، هاوکات جۆرێک لە جۆرەکانی نامۆبونیش دەگەیەنێت، بەو مانایەی بەشێک لە ئازادی خۆمان ببەخشین بە کەسێک یان هێزێک لە دەرەوەی ویستی خۆمان، ئەوا بونی خۆمان فریوداوە و کەوتوینەتە دۆخی درۆ لەگەڵ خۆکردن و بەمەش سروشتی مرۆییمان لە دەست دەدەین". (ڕۆستەم، ٢٠١٦،١٢٥).

## نامۆیی ڕامیاری:

لایەنێکی هەرە گرنگی نامۆیی بۆ مرۆڤ، لەسەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵگای چینایەتییەوە تا ئیمڕۆ، نامۆیی سیاسی بوە. مرۆڤ لەو خەبات و ململانێ چینایەتییەدا ڕوبەڕوی دەسەڵاتی سیاسی بۆتەوە. دەسەڵاتی سیاسیش لە سەرانسەری مێژوی کۆمەڵگاکاندا سەرچاوەی نامۆیی مرۆڤەکان بوە. هەمیشە لەنێوان دەسەڵات و جەماوەردا لێکدابڕان هەبوە و جەماوەر بە دەسەڵاتە فەرمانڕەواکەی نامۆ بوە. ئەمڕۆش لە ژێر سایەی سیستمی جیهانیی سەرمایەداریدا توخمی پێشڕەویی کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان، کە لە کرێکارانی سۆسیالیست و کەسانی دیکەی پەیوەستبو بە بزوتنەوەی سۆسیالیستیی کرێکاران پێکدێن، لەبەر تیشکی ئایدیۆلۆژیی سۆسیالیستیدا و بە هوشیاری سۆسیالیستانەیانەوە بەرەو ڕوی دەسەڵاتی سەرمایە ڕاوەستاون و گیانی بەگژداچونەوەی ئەم سیستمەو خەباتکردن لە پێناوی ژێرەوژورکردنی ئەم دەسەڵاتە و هێنانە کایەی دەسەڵاتی سیاسیی پرۆلیتاریا، ڕابەری دەکەن. بۆیە ئەوان لە ڕیزی پێشەوەی جەماوەری چەوساوەی ژێر باری سیستمی سەرمایەدا، باری گرانیی نامۆیی سیاسی هەڵدەگرن و لە ناخەوە زیاتر ئازاریان دەدات.

نامۆیی ڕامیاری بریتییە لە "ناڕازیبون‌و ڕەتکردنەوەو بەگژاچونەوەی ئەو سیستەم‌و نەریتە ڕامیارییەی، کە لەگەڵ خواست‌و ئامانج‌و داواکارییەکانی تاکدا یەکناگرێتەوە. فاکتەری شەڕو جەنگ وەك فاکتەرێکی گرنگ پێناسەکراوە لە بەرهەمهێنانی نامۆییدا. چونکە کاتێك کە شەڕو جەنگ دەبنە ئەلتەرناتیڤی دیالۆگ‌و تێگەیشتن، دۆخێکی دژواری سایکۆلۆژی بۆ ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگایە دێتە ئاراوە، کە لە زۆربادا دەبێتە هۆی نامۆیی تاکەکان'. (سعدون،٢٠١٣،٢٥٤).

نامۆیی ڕامیار ئاماژەیە بۆ هەستکردنی تاک بە دورکەوتنەوەی لە سیاسەت و حکومەت و کۆمەڵگەکەی تا ڕادەی پتر لە خەمساردی و ڕەتکردنەوە، ئەوا دەربڕی بێ متمانەیی تاکەکانە بەرامبەر بە ڕەفتای سیاسی، کە لە وەها حاڵەتێکدا پێیانوایە بەشداریکردنی سیاسی بێ ئاکامەو کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەوە نییە."(میراودەلی،٢٠٢٢،٧).

### نامۆیی لە بون:

لێرەدا تاک کۆمەڵێك پرسیاری جەوهەری دەکات، کە بە درێژایی مێژوی هزرو فەلسەفە و بەپێی تایبەتمەندی هەر قۆناغێك مشتومڕو گفتوگۆی هەمەجۆری لەسەر کراوەو لەم لایەنەوە گەلێك تێڕوانینی جیاواز لەم بارەیەوە گەڵاڵە کراوە. بەم پێیەی مرۆڤ، کە بەدوای نادیاردا دەگەڕێ حاڵەتی نامۆیی لە هەستو بیریدا بەرامبەر بون سەرهەڵئەدات، "مرۆڤ لە بونی خۆیدا ئەو بۆشاییە دەپێوێت، کە دەکەوێتە نێوان ژیانو مردنەوە، واتە ئاگامی ژیان مادام بە مردن کۆتایی دێت، ئیتر هیچ پێویست بەوە ناکات مرۆڤ خۆی بە بونو ژیانەوە سەرقاڵ بکات. مرۆڤ بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت و پرس‌وڕایەکی لەبارەی ژیانەوە پێبکرێت و بەبێ خواستو ڕەزامەندی خۆی فڕێدەدرێتە ناو ژیانەوە، پاش ماوەیەکیش دیسانەوە هەر بەبێ ویستو ڕەزامەندی خۆی لە ژیان فڕێدەدرێتە دەرەوە، یەکێ لەو خاڵە جەوهەرییانەی، کە لای کەسی نامۆبو لەم بوارەدا گرنگی زۆری پێدەدرێت و دەبێتە مایەی سەرنجدانو بایەخدان مەسەلەی مەرگو کۆتاییهاتنی ژیانە، بۆیە کەسی نامۆبو لەم جۆرەی نامۆیی هەمیشە لەو دێوەزمەیە دەڕوانێت، کە وەك مۆتەکەیەك چواردەوری بونی تەنیوە ئەویش ناوی (مردن)ە. ئەم هەڵوێستە لە زۆر باردا گەڕانە بەدوای وەڵامی کۆمەڵێك پرسیاری فەلسەفی گرنگ لە بابەتی ئەوەی کە ژیان چییە؟ بونی مرۆڤ لەپێناوی چییدایە؟ مەسەلەی مردنو کۆتایی بونی چییە"؟، (ئارام قادر،٢٠٠٧،٢٦).

## بەشی دوەم: نامۆیی لە ڕۆمانی "کەشتیی فریشتەکان"ی "بەختیار عەلی"دا

### تەوەری یەکەم: کورتەیە لە ناساندنی ڕۆمانەکە:

ڕۆمانی کەشتی فریشتەکان لە سێ بەرگ پێکدێت، ئەم ڕۆمانە باس لە جیهانێک ئەکات کە فریشتە لە جەستەی مرۆڤ کۆچدەکات، بە هۆکاری دڵڕەقی و توندوتیژی مرۆڤەکان کۆچ دەکەن، بۆیە هەریەک لە (ڕێزانی مەلەکبین، بولبولیار، دکتۆر شوکاک مستەفا) بیمارستانێک بۆ فریشتەکان ئەکەنەوە و ناوی ئەنێن کەشتی فریشتەکان، پاشان هەمو ئەو فریشتانەی لە مرۆڤەکان جیادەبنەوە ڕودەکەنە ئەم کەشتییە وەک (مەهدائیل و میرائیل و ماردینا)، لە کەشتی فریشتەکان گەلێ کارەکتەری تێدایە، لەوانە (لیڤیتانت) و(وەفای ڕەفعەت بەگ) وەک دو کارەکتەری سەرەکی سەرەتا کە لە زیندانی پسمامانەوە دەست بە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە ئەکرێت، پاش ڕاپەڕین هاتنە شارەوە هەریەکەیان بورجێکی بەرز بۆ خۆیان بنیات دەنێن و لەوێوە دەیانەوێ بڕیاربدەن.

کاتێ ڕوداونی ڕوداوەکانی نێو ڕۆمانەکە لە سەردەمی شۆڕشی کورد دژی ڕژێمی بەعس ڕودەدەن، کە لەو کاتەدا کوشتن و بڕین لە ترۆپکە، بەهۆی جەنگەوە هەر ئەمەشە وا ئەکات پۆل، پۆل فریشتە لە ناخی مرۆڤ بترازێن بەهۆی وەحشیەتی ناخی مرۆڤەکانەوە، پاشان ڕوداوەکان درێژ دەبنەوە بۆ سەردەمی دوای ڕاپەڕین و هەرک لە ڕەفعەت بەگ و نزار و لیڤیتانت دێنە شارەوە هەریەکەیان لە بۆرجەکەی خۆیانەوە دەیانەوێت تۆڵەی کەسی لەیەکتر بکەنەوە. لە ڕوی شوێنەوە شوێنی سەرەکی ڕوداوەکان کەشتی فریشتەکان و بورجی (نزار، وەفا، لیڤانتە).

لە ڕوی ناوەرۆکەوە ڕۆمانەکە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی مەرجی سەخت بۆ سەرکەوتن و ژیانکردن لەم زەمەنەدا ئەوەیە فریشتەکەی نێوت بکوژیت، دەریبکەیت و بیخەیتە نێو بازنەکانی فەرامۆشیەوە. تۆ چیتر مۆدێرن نیت تاوەکو لیبراڵانە فریشتەکەی نێو خۆت و سەرسامبونت بەجیهان، ڕۆمانسیەت و چێژە میتافیزیکی و ڕۆحانییەکان لەناختدا نەکوژیت. مرۆڤی نوێ مرۆڤێکە بەبێ بونی فریشتە، ئەمە ئەو دۆخەیە، هەر لەکتێبی یەکەمەوە گەشتی ونبونی سەرسامی و بێ خەونی لەدونیای تاکی کوردیدا دەستپێدەکات، بەڵام لەقۆناغی شۆڕشدا هێشتا خەون جێگای بێخەونی و هەستمردویی دەگرێتەوە، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە توندوتیژی فیزیکی هیجرەتدەکات، بەڵام لەنێو میوانخانەو هۆتێلە مۆدێرنەکاندا

خەوبینەکان بی یادەوەری و بی دڵ دەکرێن. لەدوای ڕاپەڕینەوە چیتر فریشتەکان بونیان نامێنێت، لەدوای ڕاپەڕینەوە ماسک گەمەی خۆی دەکات و ماکیاژ و ماسک دەبێتە کولتوری نێو دونیامان، ڕێگەی خۆی بەنێو دونیای هەقیقەتدا دەکاتەوە و دەبێتە هەڵگری کۆپیەک لەهەقیقەت نەک هەقیقەت خۆی.

ئەم ڕۆمانە پێمان دەڵێت ئەوە هەر مرۆڤ نییە، کەجارێک دەمرێت کاتێک فریشتەکەی بەجێیدەهێڵێت، بەڵکو ئەوە فریشتەشە دەمرێت، کاتێک لەنێو ناخی خۆیدا بەدوی مرۆڤدا دەگەڕێت، لێرەدا هەردو گەڕانەکە بێهودەن، چونکە هەردوکیان لەبەشەکەی دیکەیان ترازاون و لەنێوانیاندا دو دنیای جیاواز هەیە، چیتر دونیای مرۆڤەکان دونیای فریشتەکان نییە و دونیای فریشتەکانیش دونیای بەشە مرۆییەکەی نێویان نییە، هەردوکیان لەتەڵاقێکی هەمیشەییدان.

لەم ڕۆمانەدا مرۆڤ و فریشتە لەکەشتیەکدا یەکدەگرنەوە کەمەحکومە بەفەنابون. بەوەی مرۆڤ تەنها مەحکوم نییە بەمردن کاتێک زەمەنی تەواو دەبێت، کاتێک جەستەی فەنادەبێت، مرۆڤ مەحکومە بەمردنی لەنێو ناخی خۆیدا، خود، لەنێو خۆیدا دەمرێت، نەک لەدەرەوەی خۆیدا. لەم ڕۆمانەدا مرۆڤەکان دەمرن کاتێک فریشتەکەی لێی دەترازێت، بەڵام فریشتەکانیش دەمرن کاتێک لەمرۆڤەکان دەترازێن، هەردوکیان مەحکومن بەمردن.

**تەوەری دوەم: نامۆیی لە ڕۆمانی "کەشتیی فریشتەکان"ی "بەختیار عەلی"دا:**

**نامۆیی رامیاری:**

ئەم ڕۆمانە ئەگەرچی شۆڕش و ئەقڵی شۆڕشگێڕەکان و گەمە ترسناکەکانی کوشتن و خیانەت و شکستی دەزگا ئەمنییەکان دەخاتەڕو، کە دەبێتە هۆی ترازانی فریشتەکەی ناخی مرۆڤ لە مرۆڤ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەوەرێکی تەرخانکراوە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی نامۆیی و بێهودەیی لای مرۆڤ، چونکە زۆرجار مرۆڤ لە ژیانیدا درک بە بێدادی لە ژیان دەکات، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی دوای شۆڕش، بەڵام دەسەڵاتی تێپەڕاندنی ئەو دۆخەی نییە، بەڵکو تەنیا ڕێگەیەک بۆ ڕوبەڕوبونەوەی بەردەوامیدانە بە ژیان، جێگەی سەرنجە هۆکاری ئەم نامۆبونە لای بەشێکی کارەکتەرەکان ڕامیارییە ، چونکە ئەگەر ورد لە وتەی کاراکتەرەکان ڕابمێنیت ئەوا بەڕونی دیارە دەربڕینەکانیان دەرئەنجامی باری ڕامیارییە و بێهودەیی و نامۆبونەکەیان لەوەوەسەرچاوەی گرتوە، هەروەک تەوەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکەش تەرخانکراوە بۆ کاریگەری شۆڕش و سیاسەت لە نامۆبونی تاکی کورد، بۆنمونە (سەعید یۆنان) کە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە، پێیوایە مرۆڤ لە نێوان ئازاری بەردەوام و چاوەڕوانی نەبڕاوەدایە، بۆیە ناکرێت بە بێ ئازار مرۆڤ بونی هەبێت، هەوێنی ئەم ئازارە بەردەوامەش چاوەڕوانێتی، ئەمەش وای لێدەکات نامۆییانە ڕوبەڕوی بێهودەیی ژیان ببێتەوە، پێیوایە ژیان هەڵەیەکە ڕاست ناکرێتەوە، دەڵێت: "هیچ کەس ناتوانێت ژیان ڕاست بکاتەوە، ژیان هەمیشە دارێکی خوارە، گەر لە جێگایەکەوە ڕاستی دەکەیتەوە لە شوێنێکی ترەوە خوار دەبێت،...، تەنیا شتێک دەکرێت ئەوەیە بۆ ئەو شتە بێناوە بگەڕێین کە ونمانکردوە،..."، (عەلی،٢٠١٢، ٣٢٦)، لەسەر ئاستی قوڵی ئەم گێڕانەوەیەدا دەردەکەوێت مرۆڤ هەمیشە لە چاوەڕوانی شتێکی نادیاردایە و نازانرێت چییە، هەروەک( بەختیارعەلی) دەڵێت:" مرۆڤ دواجار هەمو شتێک لە چاوەڕوانی شتێکی نادیاردا دەکات، چاوەڕوانی شتێکی دی. مرۆڤ هەمیشە بە ئومێدی شتێکی دی دەژی، شتێکی نادیار، شتێک ناونانرێت، دەستنیشان ناکرێت، شتێک وادەکات لەپشت هەمو ئەو پلان و بەرنامانەوە بێت، کە هەیەتی چاوەڕوانی شتێکی تریش بێت، شتێک زێتر لەوەی لە ئاسۆکانی ئێستادا دەبینێت"،(عەلی،٢٠٢٢،١٥) ئەمەش وادەکات مرۆڤ دوچاری ڕەشبینی بێت، چونکە ئەم کارەکتەرە پێیوایە وێڵبونی مرۆڤ بەدوای بنەڕەتێکی کامڵ و ڕاستدایە، ئەمەش ئەوەندەی ئەفراندنی هەمو ئەو ئەگەر و مانایانەیە، کە مرۆڤ وێڵبوە بە دوایاندا، ئەوەندە گەیشتن نییە بە ڕاستی، ئەم ناکۆتاییەی چەوتی ژیان لە ئاستی جیاوازدا کاریگەری نائومێدکەرانەی لەسەر بونیەتی مرۆڤ دادەنێت. هەمان هەستی

بێهودەیی لای (بولبولیار)یش دەبینرێت کە دەڵێت: "ئامێرەکانی تۆ ناتوانن ئەوە ببینن کە من دونیایەکی تر دەبینم، دونیایەک هەرکات مرۆڤ بینی دەزانێت، ژیان هەڵەیەکە هەرگیز ڕاست ناکرێتەوە"، (عەلی، ٢٠١٣، ١٣٨). لێرەدا ئەم کارەکتەرە بە دیدێکی ڕەشبینەوە لە ژیانی دەڕوانێتو بە پوچو بێ مایەی دەداتە قەڵەم لەو ڕاستیەش گەیشتوە کە ژیان لە پرۆسەیەکی گواستنەوە زیاتر هیچی تر نییە لەنێوان دو نەبودا ئەمەش بەلای ئەوەوە هەڵەیە، چونکە هیچ پەیامێکی ئەوتۆی پێ نییە. یاخود لە گفتوگۆیەکی دیکەدا دەڵێت: دکتۆر"قیامەتی ڕاستەقینە لەسەر دەستی ئینساندا دەبێت، سروشت هیچکات ناتوانێت ئەو هەڵە گەورەیەی خۆی ڕاستبکاتەوە، هەڵەی دروستکردنی ئینسان،(عەلی،٢٠١٣، ٢٧٠). ئەم کارەکتەرە پێیوایە هەر دروستبونی مرۆڤ بۆ خۆی هەڵەیەکە لە گەردون و سروشتدا، چونکە مرۆڤ لە نێو سروشتدا هێندەی ڕوخێنەرە هێندە بونیادنەر نییە، ئەمەش دەمانباتەوە بۆ ئەوەی، کە بڵێین "بونی مرۆڤ فرە شێوازە و لە فۆرمی جۆراوجۆردا خۆی دەردەخات، هەرکام لە شێوازەکان خەسڵەتی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بون وەکو فینۆمینەیەکی سروشت لە فینۆمینەی جیهان و بونی مرۆڤەوە جیاوازە. فینۆمینەی سروشت دیاردەیەکی ڕاستەوخۆیەو بونی مرۆڤ تەنیا لە ڕوخاندنیاندا نەک لە بونیادناندا بەشداریدەکات"،(کەمال،٢٠٠٤، ٤٩)، لێرەدا، بەشێکی زۆری بونەکان خۆیان لە وێرانەدا دەبیننەوە، بە تایبەت ئەم ڕۆمانە گوزارشت لە بون دەکات لە کۆمەڵگەی پاش شۆڕش، کەواتە هۆکاری نامۆبونی ئەم کارەکتەرانە و تێڕوانینیان بۆ ژیان و دەوروبەر لە ئەنجامی ئەو وێرانکارییە مادی و مەعنەوییە، کە شۆڕش و سیستەمی سیاسی و سیاسیەکان، کە لەکۆمەڵگەی کوردی بەرپایانکردوە، دواجار کاریگەری نائومێدکەرانەی لەسەر تاکی کوردی بە جێهێشتوە.

## نامۆیی لە بون:

پوچی ژیان و بێ مانایی و نامۆیی لە بون تەوەرێکی گرنگی ئەم ڕۆمانەیە ئەمەش زیاتر لەسەر زاری (دکتۆر مستەفای شوکاک)، گوزارشتی لێکراوە، بەمجۆرە باس لە بێهودەیی و پوچی ژیان دەکات، دەڵێت: "ژیان هێزێکی ناهۆشیارە، مەزنیەکشی لەوەدایە، کە هۆشیاری ناتوانێت پەکی بخات، ئەگەر ژیان هۆشیار بایە، هەر زو مەکینەی خۆی دەکوژاندەوە، گەر هێلکە هۆشیاربایە، هیچ جوجکێکی چکۆڵەشی هەڵنەدەهێنا، گەر زەوی هۆشیاربایە گوڵێکشی نەدەگرت، سپێرم هۆشیاربایە نەدەگەیشتە قوڵایی گونگۆڵی هیچ ژنێک و خۆی دەکوشت، سێکس بۆیە وا بەهێز و بێهۆشانە دەمانبات، چونکە ئەگەر هۆشیار بایە کەسمان ئازاری درێژکردنەوەی ئەم بەزمەمان نەدەگرتە ئەستۆ، لەو ساتەوەی هۆشیاریی دروست دەبێت، هێزی مەرگ گەورەتر دەبێت"، (عەلی،٢٠١٣، ٥٣)، ئەم کارەکتەرە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی ئەو هێزەی لە پشتی ویستی ژیانەوەیە، هێزێکی کوێری ناهۆشیارە،" بەو پێیەیی پەیوەست بون بە ژیانەوە بە هیچ جۆرێک لە عەقڵەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە ئیرادەیەکی کوێر و نائاگاوە سەرچاوە دەگرێت"، (ڕۆستەم ٢٠١٦، ١٣٦)، دکتۆر شوکاک بەو پێیەی پزیشکەو لە ئازار و مەینەتییەوە نزیکە بۆیە پێیوایە هێزێکی کوێرانە چەرخی ژیان دەسوڕێنێت، چونکە زۆر جارمرۆڤ ئەگەر بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ ژیاندا کرد دەبێتە هۆی وەستانی ژیان، بۆیە دەڵێت: "ئەوە تاکە هێزێکە من لەم گەردونەدا ڕێزی دەگرم، تاکە هێزێکە شایەنی ڕێزە... هێزی کوێر و ناهۆشیاری ژیان"، (عەلی، ٥٣، ٢٠١٣)، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لای ئەم کارەکتەرە ئەوەیە، کە مرۆڤ نابێت درک بەم ناهۆشیاریی یەی ژیان بکات، چونکە بەجۆرێک نامۆ و بێهودە دەبێت، کە چەرخی ژیانی بەتەواوی دەوەستێت، بۆیە لە پێناو بەردەوامی پێویستە درک بەم ناهۆشیارییەی ژیان نەکات، "مرۆڤ نابێت درک بە پوچی بون بکات، دەبێت هەمو شتێک بکەین نەهێڵین مرۆڤ درک بە پوچی بون بکات، چونکە هێندەی هەستی بە پوچێتی کرد، دەیەوێت بمرێت. لێیان بگەڕێ ڕابکەن، لێیان بگەڕێ دە قاچی دیکە قەرزبکەن و لەم شارە هەڵبێن، با هەست بکەن شتێک بۆ ژیانی خۆیان دەکەن،...

دکتۆر مستەفا شوکاک دڵشادبو، کە خەڵک هەمو وەک ئەو لەو پوچییە تێنەگەیشتون، مرۆڤ، کە ئەو هێزە کوێر و ناهۆشیارەی ژیانی تێدا نەما دەبێتە بونەوەرێکی ترسناک، (عەلی،٢٠١٣،٥٣). نوسەر پێمان دەڵێت لەڕاستیا خودی ژیان هیچ مانایەکی نیە، بەڵام مرۆڤ خۆی ڕادەکات بەدوای ئەوەی مانایەك بەژیان ببەخشێت، وە پێمان دەڵێت هەندێجار مرۆڤ گەر بە هۆشیارییەوە مامەڵە بکات لەگەڵ ژیاندا بە هۆی تێنەگەیشتن لە زۆر دیاردەو ڕوداوی ژیان و گەردون دەبێتە مرۆڤێکی بێهودە و سەرئەنجام وێرانکەریش، بۆ ئەوەی نەبێت بە بونەوەرێکی وێرانکەر پێویستە لەسەر مرۆڤ لەپێناوی دەستەبەرکردنی بەهاکاندا بجەنگێت و هەمیشە لە ململانێدا بێت؛ بەهاگەلێکی وەک: مرۆڤ، هاوڕێیەتی، بەختەوەری، دادپەروەری، خۆشەویستی، کە دەشێ ئەم بەهایەی دواییان، واتە"خۆشەویستی"گەورەترین و بەرزترین بەها بێت لە ژیاندا، خۆشەویستی بە مانا فراوانەکەی و لەسەر هەمو ئاستەکان، ئەگەرنا مرۆڤ پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات لە ئەنجامی بێهودەیی و نامۆیی بەرامبەر بە پوچی ژیان، هەربۆیە (هۆشەنگی بولبولیار) دەڵێت" هەرکەسێک خۆی دەکوژێت، لەڕاستیدا تەنیا خۆی ناکوژێت، بەڵکو دەستدرێژیی دەکاتە سەرمانای ژیان لە هەمو گەردوندا...لە هەمو جێگایەکدا، نرخی ژیان بەتەنیا لای خاوەنەکەی نییە، بەڵکو لای هەمومانە، لای ئەوانەی مردون و ئەوانەشی لە دایک دەبن، (عەلی ،٧١٧).

دکتۆر شوکاک دوای ئەوەی بە چەندین ئەزمونی تاڵی ژیان تێدەپەڕێت، وەک زیندان و ئەشکەنجەو تەنیایی توشی نامۆیی و بێهودەیی دەبێت، دەڵێت: "من بەشێکم لە وزەیەکی بەرەڵا و بێ ئاراستەی ژیان، بەشێکم لە وزەی وێڵ، کە ماڵ و نیشتەجێی نییە ...، من بە ڕێکەوت لێرە لە دایک بوم و دەژیم، بەڵام خەڵکی ئێرە نیم، ... دڵنیام زۆر دڵنیام خەڵکی ئێرە نیم، بۆ ئەبەد تەنیام خەڵکی هیچ شوێنێک نیم"، (عەلی،٢٠١٣،٥٧) تەنیایی ئەم کارەکتەرە دەگەڕێتەوە بۆ نامۆبونی"چونکە تاک نامۆیە بە خۆی، کە نامۆبێت بە خودی خۆی، چاوەڕێ ناکرێت کە هۆشیاری ئەوەی هەبێت تەنیایی خۆی پەسەندبکات، بۆیە زۆر بەدبینانە لە تەنیایی دەڕوانێت و خراپ تێدەگات"،(ئۆشۆ،٢٠١٨،١٨). هەروەها ئەم کارەکتەرە پێیوایە مرۆڤایەتی بێ ئەوەی بەئاگا بێت لە پوچییەکی گەورەدا دەژیت، بەڵام خەڵک هەمو وەک ئەو لەو پوچییە تێنەگەیشتون، ئەم کارەکتەر تا ئەندازەیەکی زۆر بە نێو دڵ ڕەقی ژیان ڕۆچوە، لەو جۆرە کەسانەیە، کە ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەژێت و بیر لە خۆی ناکاتەوە، لە نێو سەرقاڵی و ژاوەژاوی ژیان چرکەیەک دێتە پێش درک بەوە دەکات چەند تەنیا و نامۆیە، نامۆبونی لە خودی خۆی و لەئاست ئەوانی تر لە ئاستێکدایە، کە درک بە کات و شوێن ناکات، نازانێت لە چی شوێنێکی ئەم گەردونە مەزنەدایە، بۆیە گێڕەرەوە بەم جۆرە وێنەی نامۆیی ئەم کارەکتەرە بۆ خوێنەر دەکات: "بەوشەوە، لەو هێمنییەدا، خۆی وەک مەخلوقێکی نامۆ بەم سەر زەمینە هاتەبەرچاو، کەسێک ناتوانێت لەگەڵ خەڵکدا بێت، لەکاتێکدا دەیان هەزار مرۆڤ بە ترسێکی قوڵەوە هەڵدەهاتن، شار بۆنی سام و نائومێدیی و هەراسانیی لێدەهات، هەموان سەروماڵی خۆیان جێدەهێشت و دەڕۆشتن، ئەم وەک سەر بە ئەم ئەستێرەیە نەبێت، بەسەدرییەکی سپی کارکردنەوە هەوای شەو هەڵدەمژێت و دەیەوێت دڵنیابێت نەخۆش نییە"، (عەلی، ٢٠١٣ ،٥٧)، ئەم کارەکتەرە دواجار هەست بەوە دەکات ئەم هەسارە گەورەیە بۆ ئەو چەند تەنگە، ئەم ژیانە چەند پوج و بێمانایە، هیچ دەرگایەکی نییە بونی خۆی لێوە دەرباز بکات، بۆیە دابڕانو بێ هودەیی و پوچگەرایی جۆرێکە لە ناوەڕۆکی ئەو ئەزمونەی، کە ئەم کارەکتەرە تێیدا دەژی و بوە بە تاکێکی نامۆو تەنانەت لەگەڵ خودی خۆشیدا نامۆیە.

فاکتەرێکی دیکەی نامۆیی ئازارە، ئازار بە شێکە لەو پرسیارانەی بون، کە ئەستەمە بۆ مرۆڤ بتوانێت لە ڕێگەیەوە خودی خۆی لە نێو جیهان بەدەست بهێنێت، کە ئەمەش لە نێو ڕۆمانەکە ئاماژەی پێدراوە، "بۆ ئەوەی بەڕاستی مرۆڤ بیت، دەبێت ئازارت هەبێت، چارەی ترت نییە، مرۆڤبون لە ئازار جیا نابێتەوە،"، (عەلی ،٢٠١٣،٤٩٠)، نوسەر پێمان دەڵێت

ئەگەر لە بەهای بون و ژیان وردبینەوە بەشێکی زۆری لە ئازار پێکهاتوە چونکە "مرۆڤ لە بنەڕەتدا ئافرێنراوی ڕەنج و ئازارە"، (ڕۆستەم، ٢٠١٦،١٣٦)، ئەمەش وادەکات بڵێین ژیان دەرکەوتێکی پوچ و بێ بەهایە، بەڵام ئەوەی وادەکات مرۆڤ سەرەڕایی پوچی و گەورەیی ئازارەکان، هێشتا بەردەوام بێت و ژیانی لا پەسەندتر بێت لە مەرگ، ئەو هێزە ناهۆشیارەیە، کە ژیان بەڕێوەدەبات.

## نامۆیی خود:

نامۆیی خودی تەوەرێکی دیکەی ئەم ڕۆمانەیە، دکتۆر شوکاک وەک یەکێک لە کارەکتەرەکان لە ئەنجامی ئەوەی خودی خۆی لێ ون دەبێت، ئەمەش دەبێت بە هۆکاری پێکدادانی ئەو بیر و هزرەی، کە لەگەڵ خودی خۆی و کۆمەڵگاکەی و دیدگاکانیدایە و نامۆ دەکات، بۆیە پێیوایە گەشبینی سیفاتی مرۆڤە ساویلکە و گەمژەکانە دەڵێت: "ژیان هێزێکە بۆ هەمومان، بۆ نەخۆش و گەمژەکانیش، هێزێکە بۆ سەراپای مەخلوقاتی ئەم سەر زەمینە، پێویست ناکات وەها خۆش بین بیت، نا هیچ پێویست ناکات، ... بۆ ساتێک هەمو گەشبینی و گەمژەییە فەلسەفییەکانی ڕەوینەوە و دونیای هێندە ترسناک بینی، کە مرۆڤی عاقڵ گەر بتوانێت دەبێت بەشی دەساڵ زەخیرە بباتە ژورێک و نەیەتەدەرێ،... ژیان بێمانە نییە، بەڵکو مرۆڤ بێ مانایە، (عەلی، ٢٠١٣،٦٣) ئەم تێڕوانینە دەمانباتەوە بۆ ئەوەی گەر مرۆڤ لەدایکبون و مردن و هەندێجار ژیانیشی لەدەستی خۆیدا نەبێت، لێرەوە ژیان نابێتە ئەو پانتاییەی کە خۆشی و بەختەوەری بەردەوامی تێدا بدۆزێتەوە، بەڵکو سەر زەمینێکە بۆ ئازارو نەهامەتییە بەردەوامەکان، هەر بۆیە هەر بیرکردنەوەیەکیش لە بەختەوەری جۆرێک دەبێت لە خۆ فریودان، تەنانەت زیاتر لەمەش پێیوایە ئەو مرۆڤانەی کە گەشبین لە ڕوی هزرییەوە مرۆڤی گەمژەن، خۆیان خەڵەتاندوە، چونکە ئەم بۆچونە لە ناهۆشمەندییەوە سەرچاوەی گرتوە، چونکە"نیگەرانی و غەمی هەمیشەیی مرۆڤ لە ئاست بونی خۆیدا سەرچاوەی نابەختەوەرییەکانی ئەوە، یا هەر خودی نابەختەوەرین، هەمو ئەمەش بە توندی گرێدراوی هۆشمەندی مرۆڤە، پاسکال لەو بارەیەوە دەنوسێت: تەنها بونێکی ئاگامەند دەتوانێت ڕەشبین بێت، لەوانەیە گەشبینی پێکهاتبێت لە درکنەکردن و نا هۆشمەندی مرۆڤ لە ئاست نابەختەوەری و ئازاردا، یاخود ڕونتر، گەشبینی خۆقوتارکردنی مرۆڤە لە لەکۆڵگرتنی غەم و نیگەرانییە بونگەراییەکانی خۆیی"، (حەمەعەلی،٢٠٢١،٤٤)، بۆیە (شوکاک) پێیوایە گەشبینی خۆگێلکردنە لە ئاست پرسیار و گرفتە جەوهەرییەکانی مرۆڤ، جگە لەوەی پێیوایە مرۆڤ بێ مانایە نەک ژیان، چونکە ژیان بۆ خۆی هیچ مانایەکی نییە، بەڵکو ئەوە مرۆڤە مانا دەدات بە ژیان، بۆیە بێمانایی ژیان لە بنەڕەتدا بێمانایی مرۆڤە. کەواتە دکتۆرشوکاك لە ئەنجامی تێڕوانینی وردو سەنجی وردی لە بون و وجودی خودی خۆی وەك مرۆڤ بەتایبەتی خودی بونی مرۆڤ بەگشتی لەیەك کاتدا دوچاری دەردی نامۆبونی خودی ونامۆبونی لە بون بۆتەوەو بەهەردو دەردی نامۆیەوە دەناڵێنێت.

(وەفا ڕەفعەت) یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرەکانی نێو ئەم ڕۆمانە، کە توشی نامۆیی خودی دەبێت، چونکە چەند پرسیار دەکات وەڵامێک لە ئاسمان نابیستێ و لە ژیانێکی کورت و پڕ ئازار و نامۆیی دەژێت، بەمجۆرە گوزارشت لەو هەستەی خۆی دەکات، دەڵێت: "هەمیشە ئەو هەستە ترسناکەیە و دوبارە دەگەڕێتەوە، ئەو هەستەی من، من نیم... شتێک بیر لە خۆمان بکەینەوە و بپرسین ئایا بەڕاستی من هەم، بەڕاستی من خۆمم دروستکردوە یان ماشێنێکی دەستکردم و دونیا دەمجولێنێت"، (عەلی،٢٠١٣،٩٩) ئەم هەستەی ڕەفعەت دەمانباتەوە بۆ ئەو بۆچونەی (سارتەر) لە کتێبەکەیدا (بون و نەبون) دەڵێت: "تاک خاوێنیی خۆی بە پێی هۆشیارییەکی دەرەوەی خۆی دەسڕێتەوە، واتە دەبێت بەو بابەتەی، کە کەسانی دیکە مۆرکی لێدەدەن، ڕەهەندی ناسین و خەسڵەتەکانی خۆی بە پێی دیاریکردنی کەسانی دیکە دیاری دەکات، خودی ڕاستەقینەی خۆی ون دەکات و نامۆ دەبێت بە خودی خۆی"، (فواد ئەلکنجی، پێگەی ئەمڕ، ٢٠١٦)، واتە

مرۆڤ بە پێی ئەو وێنایەیەی، کە کەسانی دیکە پێیدەدەن خودی خۆی ون دەکات و خودێکی لە دەرەوەی خۆی بۆ دیاری دەکرێت، کە خودی ڕاستەقینەی خۆی نییە، بەڵکو کۆمەڵگە و دونیا وێنای دەکات و بڕیار دەدات کە ئەو کێیە و چۆنی دەجوڵێنێت، ئەمەش توشی نامۆیی خودی دەکات.

(سەعید یۆنان)، کە چێرۆکنوسێکی ناوداره، بەوردی درکی بەم دۆخەی خۆی کردوە، بۆیە لە پێناوی دۆزینەوەی خودێکدا لە دەرەوەی ئەوانی تر بێت، دەست لە هەموشت هەڵدەگرێت و بەرەو ئاسۆیەکیتر هەنگاو دەنێت،" منیش دەبو ئەوەبم، کە ئەوانی تر دەیانەوێت،...من وازم لە وەزیفەکەم هێنا، وازم لە براکانم هێنا، وازم لە هەمو سەروەتەکەی باوکم هێنا، وازم لە ژنەکەم هێنا، وازم لە هاوڕێتی هێنا، لە دیانەت، لە سیاسەت، لە هەموشتێک، لە هەمو ئەو درۆ گەورانە ئەم ژیانەیان چنیوە...هەمو تاقیکردنەوەیەکی زۆرکاریی بو دەبو پیابرۆم. سونتەتی بێشەرەفی ژیانێکی بێشەرەف بو، کە ئێوە داتاننابو، هەمویم جێبەجێکرد، ئێستا لێمگەڕێن برۆم، ئێستا هەمو شتەکانتان دەدەمەوە و دەمەوێت برۆم بزانم، بزانم گەر ئەوە نەبم کە ئێوە دەتانەوێت، من چیم؟ گەر ئەوە نەبم کە ئێوە دیاریتانکردوە، من کێم؟"(عەلی، ٢٤٧،٢٠١٢) ئەم کارەکتەر هۆکاری ونبونی خود دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی تاکەکانی کردوە بە تاکێکی ناهۆشیار، چونکە (کیرکێگارد) وەک یەکێک لە ڕابەرە دیارەکانی بونگەرایی بون دەکاتە دوبەشەوە: (بونی هوشیار و بونی ناهوشیار): لە پێناسەیاندا دەڵێت: "بونی هۆشیار ئەو بونەیە، کە هەوڵدەدات و کۆششێکی زۆر دەکات تاکو خودی خۆی بناسێت، بە پێچەوانەی بونی ناهۆشیارەوە، کە بە ئەنقەست هەوڵی ئەوە دەدات لە نێو جەنجاڵی جیهاندا خۆی ون بکات، بگرە بەختەوەریشە، کە خاوەن بونی خۆی نییە"،( ڕۆستەم،٢٠١٦، ٨٦)، ئەم کارەکتەرە دەیەوێت لە ژاوەژاوی ناو کۆمەڵ بێتەدەرەوە و بەرەو خود هەنگاو بنێت.

## نامۆیی ئاینی:

(نەغەدە) وەک یەکێک لە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە نامۆیی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاین، بۆیە ئەم ژنە شاعیرێکی شۆڕشگێڕە، دەگەڕێت بە دوای ژیانێکی دیکە دور لەو ژیانە بێدەنگەی لەگەڵ مستەفا شوکاکی مێردیدا بەسەری دەبات، کە خەریکە لە نێوان چوار دیواردا دەخنکێت، بۆیە بە هەمو توانایەوە وێڵە بەدوای ژیانێکی دیکەدا، دەڵێت" ئەگەر هەمو ژیانم، تەنیا بەوە ڕازیبیم کە خودا داوێتی، هیچم لێدەرناچێت، شتێکی کەم بەدەستی خۆت دروستی بکەیت، باشترە لە شتێکی زۆر کە خودا بیبەخشێت"(عەلی، ٢١٧)، ئەمەش وادەکات وردە وردە هەمو سنورەکانی ئازادی و یاخیبون تەیی بکات، دواجار دەگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی دڵڕەق. چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کەسی دیندار ئەوەیە، کە پەیوەستە بە چارەنوسەوە، بەو واتایەی، کەسی دیندار پێیوایە، ئەوەی ڕویداوە و ئەوەی لە داهاتوشدا ڕودەدات، خودا لە چارەی نوسیوە، ئەمەش پێچەوانەی بویەکی ڕەسەنە چونکە"مرۆڤ ئەگەر ڕەسەنێتی خۆی لە دەستبدات، هەمو ژیانی خۆی بە چارەنوسەوە وابەستەدەکات، ئەمەش نکۆڵی کردنە لە ئازادی و بەرپرسیارێتی و هەڵنەبژاردن و بڕیارنەدان، هاوکات جۆرێک لە جۆرەکانی نامۆبونیش دەگەیەنێت، بەو مانایەی بەشێک لە ئازادی خۆمان ببەخشین بە کەسێک یان هێزێک لە دەرەوەی ویستی خۆمان، ئەوا بونی خۆمان فریوداوە و کەوتوینەتە دۆخی درۆ لەگەڵ خۆکردن و بەمەش سروشتی مرۆییمان لە دەست دەدەین"، (ڕۆستەم، ١٢٥،٢٠١٦).

## ئەنجام:

١-ڕۆماننوس لەم ڕۆمانەدا ئەوە پیشاندەدات کە جەنگ و توندوتیژی بەردەوام لە کۆمەڵگای کوردی فاکتەرێکی گرنگە بۆ نامۆبونی تاکی کورد.

٢-لەنێو سەرجەم جۆرەکانی نامۆییدا ڕۆماننوس نامۆیی خودی و نامۆیی لە بونی بە شێوەیەکی ڕەها بەکارهێناوە، چونکە ئەم ڕۆمانە تەوەرێکی بریتییە لەوەی کە شۆڕشەکانی ڕابردو کاریگەریی نەرێنی لەسەر تاکی کورد بە جێهێشتوە ئەمەش بوەتە هۆی نامۆیی خودی نامۆیی لە بون.

٣-لە نێو سەرجەم کارەکتەرەکاندا "دکتۆر مستەفا شوکاک" لە هەمو کارەکتەرەکانی دیکە زیاتر هەست بە نامۆیی و بێهودەیی دەکات، چونکە بە چەندین ئەزمونی تاڵ و سەختدا تێپەڕیوە، بۆیە جگەلە ئاستی هۆشیاری تاک ئەزمونی ئازاراوی ژیانیش فاکتەرێکی دیکە نامۆییە لای تاکی کورد. هەر بۆیە ئەم کاراکتەرە لە دەرئەنجامی بارۆدۆخی ڕامیاری و تێڕامانی ورد لە ژیان و بون لە یەککاتدا گرفتاری چەند جۆرێکی نامۆیی دەبێتەوە، کە نامۆبونە لە خودو نامۆبون لە ژیان لە بون و بەدەستییانەوە دەناڵێنێت.

## سەرچاوەکان:


ئۆشۆ، (٢٠١٨)، تەنیایی، وەرگێڕانی: شێرزاد حەسەن، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتبفرۆشی مێخەک، زنجیرە(٧)، هەولێر.

حەمەعەلی، ئومێد، (٢٠٢١)، مرۆڤ بونێکی تەواونەکراو، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆسا، ژمارە(١٢٠)، هەولێر.

عەلی، بەختیار، (٢٠١٢)، کەشتیی فریشتەکان، کێتبی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکراوەکانی ناوەند ڕۆشنبیری ئەندێشە.

عەلی، بەختیار، (٢٠١٣)، کەشتیی فریشتەکان، کێتبی دوەم، چاپی یەکەم، چاپ وبڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە.

قەرەچەتانی، کەریم شەریف، (٢٠١٠)نەخۆشی و گرفتە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان، سلێمانی.

کەمال، محمد، (٢٠٠٤)، بون و داهێنان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ڕۆستەم، ئاری عوسمان، (٢٠١٦)، ڕەنگدانەوەی بونگەرایی لە ڕۆمانی کوردیدا لە کرمانجی ناوەڕاست(٢٠٠٣-٢٠١٣)، نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان.

قادر، سەرکەوت سەعدی ، (٢٠٠٦)، نامۆیی لە ڕۆمانەکانی سەڵاح عومەر دا، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین.

قادر، ئارام محەمەد ، نامۆیی لە شیعری کوردیدا کرمانجی خوارو(١٩٧٥-٢٠٠٠)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان.

محەمەد، شیرین سەعید، (٢٠٠١)، نامۆیی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، نامەی ماستەر.

العروقي، نبهان سليمان،(٢٠١٥)، الاغتراب نفسى وجودة لحياة، كلية تربيه جامعة بغزة.

عيد، محمد ابراهيم، (٢٠٠٥)، مدخل الى علم النفس الاجتماعى، مكتبة الانجلو المصرية، مصر.

میراودەلی، لیا حسن محمد، (٢٠٢٢)، نامۆیی دەرونی سیاسی لای گەنجان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ڤۆلیۆمی ٩، ژمارە٢، ٢٠٢٢.

غياث الدين نقشبندی(٢٠٠٤)، نامۆیی،چاپی دوەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی بەدرخان، سلێمانی.

ڕزگار حەمە ڕشید، نامۆیی و بێگانەیی لە نێو خاکی ئێراندا، ٢٠٢٣.
https://cultureproject.org.uk/kurdish/iran-reygar-hama/rashid

فواد ئەلکنجی، نامۆیی، وەرگێڕانی: جیهان محەمەد، ٢٠١٦.
https://emrro.com/namoyif.htm